کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

2-4-2007 17:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆچوونیک لەمەڕ گۆڕانکاری و چاکسازی ... و: دکتۆر کەمال محەمەد**

نووسین و قسەکردن زۆرە لەسەر چاکسازی و گۆڕانکاری بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا، دەگمەن گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك دەبینی هەندیك لە ڕەخنەی تیادا نەبیت لەسەر باری ئیستامان، یان دەستنیشان کردنی هەندی ڕیگاچارە و ئامۆژگاری لەم بارەیەوە، ئەمە جگە لەوانەی کەدەیبیسین و دەبینین لە کەناڵە خۆماڵییە ئاسمانییەکاندا.

هەموو هەست دەکەین ئەو بارەی ئیستا تیایدا دەژین ناهەموارە و پیویستی بە دەربازبوون لێی هەیە، یان لایەنی کەم پیویستی بە گۆڕان هەیە لە زۆر بواردا، زۆرن ئەوانەی کە زۆر گەشبین و زۆر ئیجابی سەیری دەکەن و مژدەی زۆر خۆش دەدەن، کاتیك بە وردی سەیری ئەم بۆچوونانە دەکەین سەیر دەکەین زۆربەیان دووبارە و چەندەها بارەش بوونەتەوە و شتی تازە کەم دەبینین، بەڵکو تەنها لە شیوازی پیشکەشکردنیدا جیاوازی هەیە.

ئەمە داوایەك نییە بۆ ڕۆشنبیران و قەلەم بەدەستان وازبهینن لە نووسین و پیشکەشکردنی ڕاو بۆچوونەکانیان، ئیتر مەیدان پڕبووە و چیتر پێویستمیان پێی نییە، وەك هەندی کەس باسی لێوەدەکەن گرنگ ئەوەیە سەرەداوی بابەتەکان بدۆزینەوە و پوختە و کورتکراوەکانیان دەستنیشان بکرێن و جیایان بکەینەوە لەو لافاوە فیکرییەی کە لە هەندی لە بوارکاندا یەکتربڕ و دووبارە و دوورن لە واقیعەوە.

لێرەدا حەز دەکەم پەنجە درێژ بکەم بۆ سێ پوختەی گرنگ کە بەڕای من بیرکردنەوە لێیان و کارکردن لەسەر دەوڵەمەندکردنیان و داڕشتنەوەیان نەك هەر باشە، بەڵکو گرنگ و بەسوودیشە.

-1ئەوانەی باسی گواستنەوەیەکی چۆنایەتی دەکەن بۆ ئوممەتی ئیسلامیی سەرکەوتنی بە پلیکانەی شارستانیەتدا زۆرن، ئەوانەش باسی سەرکەوتنی یەکجاری و گەڕاندنەوەی دەوری ئیسلام لەسەر ئاستی هەموو جیهان دەکەن و بەو ناوەش بانگەشە دەکەن هەر زۆرن. بە ڕای من هیچ کام لەمانیش و لەوانیش بە ووردی لە (فیزیای پێشکەوتن) تی نەگەیشتوون، بە تایبەتی بۆ نەتەوەیك کە دابەش بووە بەسەر زیاتر لە پەنجا وڵاتدا، ئەمە جگە لەو کەمایەتییە موسوڵمانانەی کە لە وڵاتەکانی تری جیهاندا هەن، ئەمانە ناتوانن پێشبینی بکەن و بیهێننە پێش چاوی خۆیان کە نەتەوەیەك نزیکەی پێنج یەکی سەر زەوییە، چۆن دەتوانێ جووڵەی ڕۆشنیری و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات و بەرەوە پیش دەچیت، بۆیە لەم بوارەدا بانگەشە بۆ گورزی جەرگ بڕو سەرکەوتنی یەکجارەکی دەکەن.

باشتر و چاکتر وایە ئێمە بیر بکەینەوە بە گوێرەی بۆچوونی (الحبل المجدول) گوریسێکی چەندەها تاڵ بە پێی ئەم بۆچوونە هەستانەوە و بەرەوپیش چوونی گەلێك گەورەترە لەوەی دەوڵەتیك یان کۆمەڵێك پێی هەستن، بەپێی ئەم بۆچوونە ئەم هەستانەوەیە وەك گوریسێکی ملیۆنەها تاڵی ورد و بچووك وایە و، هەر موسڵمانێك لە کاتی هەستانی بە کارێکی باش، یان ئەنجامدانی ئەرکێکی سەرشانی، ئەوا تاڵێك لەم کوریسە دادەنی و، هەر موسڵمانێك لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی خراپ، سەرپێچییەکی فەرمانەکانی خوا یان کەموکورتی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیدا تاڵێك لەم گوریسە دەپچڕێنی، ئەمەش مانایەکی وردە بۆ ئەو بۆچوونەی کە هەستانەوە و بنیات نانەوەی نەتەوەیەك بە بڕیارێك و کۆمەڵە بڕیارێك نایەتەدی، بەڵکو دروستدەکرێت وەك دیوارێکی گەورە خشت لەسەر خشت و خشت لە پاڵی خشت، ئەمە بە تەواوی دەگونجێ لەگەڵ تێگەیشتنێکی قووڵی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرموی (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَه *وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَه) . هەموو ئیشێکی باش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و کردارێکی ئیجابی و بەسوود لە لایەن تاکەکانیەوە دەچنە ڕەسیدی نەتەوەکەیی و، هەروا ڕەسیدی تاکەکەیەوە و بە دریژایی کات کۆدەبیتەوە و جیاوازی نییە لەم بوارەدا لە بەینی دونیا و قیامەتتدا، تەنها لەوەدا نەبێت کە پرسینەوە لە قیامەتدا لەسەر بنچینەی تاکە و لە دونیادا هەندی کاتی دەوی هەتا بە ئاشکرا ئاسەوارەکانی ببینین.

وەك وتمان بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خوای گەورە لەسەر بنەمای تاکە، ئەمە هانمان دەدات بۆ ئەوەی هەمیشە ئەنجامدانی کارەکانمان و ئەرکەکانی سەرشانمان لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا بە باشترین و جوانترین شێوە بێت و لابردن و نەهێلانی هەر دیاردەیەکی ناهەموار و کاری زیانبەخش بە هەموو شێوە و توانایەکی بەردەستمان بێت.

-2ئێمە نەتەوەیەکین گرفتی زۆرمان هەیە لە بواری رۆشنبیری و هوشیاری ئایینی و نەتەوەییەوە، هەموو ئەوانەی کە نەخوێندەوارن کە ریژەیان کەم نییە، ئەوانەی کە خەریکی کاری ماسوولکەیی و بە ئیشی رۆژانەی باسك و بازووەوە خەریکن، هەروا ئەوانەی کە بەدەست هیچ و بی بەرنامەییەوە دەستیان گیراوە، هەموو ئەمانە لە سووڕی مت بووی بیر و هۆشدا دەژین و ئارەزووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بیر و بۆچوونە تازەکاندا نییە و توانای وەڵام دانەوەی پێشهاتەکان و (تحدیات) ـەکانیان نییە، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە ئێستا گرفتی سەرەکیی ئێمە گەیشتنە بە بەشی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ و نەتەوە و گەیاندنی بیر و بۆچوونی هەستانەوە و بنیات نانەوەی نەتەوە و کۆمەڵگایە.

بۆچوونی گوریسی چەندەها تاڵ (الحبل المجدول) بۆچوونێکی جوان و باشە، بەڵام دەمێنێتەوە بەبی کاریگەر و بەهای خۆی ئەگەر بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ و نەتەوە پێی ئاشنا نەبن و لێی تێنەگەن و کاردانەوی ئیجابییان لەسەری نەبێت.

ئەوەی کە دەیبیسین و دەیبینین لە بیر و راو بۆچوون رۆژانە زۆرن، بەڵام باش تیایاندا کەمە و، باشەکانیش کاریگەر و ئاسەواری لەسەرمان دیار نابێت هەتا لە ژیانی کرداریدا شتێك لەسەر ئەو بنەمایە بنیات نەنێین، ئەمە سەر دەکێشێت بۆ ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە:-

کی خەڵك تێبگەیەنی لە ئەرکەکانیان؟

کی بیر و باوەڕ و بۆچوونی باش و بە کەڵك لە ناو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە؟

بە رای من هیچ رێگایەکی باشتر نییە لە دروستکردن و زیادکردنی ناوەند و سەنتەری پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکاندا وەك:-

-ناوەندی هۆشیاری یاسایی.

-ناوەندی بڵاوکردنەوەی زانستی حەڵاڵ و حەرام.

-ناوەندێك بۆ فێرکردنی رێگاکانی سەرکەوتن لە ژیاندا.

-ناوەندێك بۆ هۆشیاری ئابوری و بەرهەمهینان.

جۆرەها ناوەند و سەنتەری تر لە بوارەکانی ژیاندا، کەواتە ئێستا کاری سەرەکیی ئێمە دروستکردنی ئەم جۆرە ناوەندانەیە.

-3خەڵکی نەك هەر پێویستیان بە ری پێشاندان و پی گەیشتنە لە ئەرکەکانیان، بەڵکو پێویستییان بەوە هەیە کە فێربکرێن چۆن بیر و بۆچوون بگۆڕن بۆ پلان دانان و پرۆگرام و بیهێننە مەیدانی کار و لەگەڵ شێوازی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە بەرەو روویان دەبێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

2-4-2007 17:32 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

گرفتی زۆربەی خەڵك ئەوەیە کە نازانن، گرفتی هەموو خەڵك ئەوەیە چەندە بە باشترین شێوە سوودمەندبن لەوەی کە دەیزانن، بۆیە ئەوەی لەسەرمان پێویستە بە بڵاوکردنەوەی چۆنیەتی پلان دانان و چۆنیەتی پیادەکردنی و بەرزکردنەوەی ڕۆحی کارکردن و پێشکەشکردنی نموونەی زیندو و بەردەست لەم بوارەدا بۆ گۆڕان لە ژیانێکەوە بۆ باشتر.

تیبینی-:

ئەم بابەتە وەرگیرراوە و قسە و باس زۆر هەڵدەگری بە تایبەتی لە بواری ئەوەی نووسەر ڕووی نووسینەکەی دەکاتە هەموو نەتەوەی ئیسلامیی، کوردیش وەك بەشێك لە نەتەوەی ئیسلامیی لە پێناسە گشتییەکەیدا دەتوانین بە پێی کات و شوێن و تایبەتمەندیی خۆمان سوودی لی وەربگرین، دەوڵەمەندکردنی لەو بوارەدا بە رای من کارێکی سوودمەند و باشە.

سەرچاوە
د. عبدالکریم البکار
اداره الثقافه والقضایا المعاصره

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.